# بــــەبــــەرد بــــــــــــــــــــوون

بەناز کوێستانی

پێشکەشە بەتۆی بەرد

لەژانی لەدایك بوونی شیعرێکەوە
وەرە بۆلام. .
چیرۆکی عەشقی بابردووت
لەسەر نەوچەوان و گۆناو نێو لە پەکانم بنووسەرەوە
پێنووسەکەت بەخوێنی نێودەمارەکانم تینوێتی بشکێنە. . ؟؟
گوناهەکانت لەجەستەت بکەرەوەو
بە پرچەکانمەوە هەڵیان واسە. .
هەناسەکانت بەدەریا ببەخشەو
ماچە حەرامەکانت بە پایز. . ؟؟
چاوە رەشەکانیشت بەداهۆڵی بێستانەکان
بسپێرە. .
جەستەت پارچە پارچە بکەو بیان بەخشە بەداڵە گۆشت خۆرەکان و
ژانی ئەم لێك دابڕانەی تیا وون بکە. . ؟؟
***
بۆهاتی
کەئەتزانی بەجێم دێڵی و
لەناو ئازارو غوربەت و تەنهاییدا دەمخنکێنی. .
پێش ئەوەی جێم بێڵی. .
کۆترێکی باڵ نەخشین بووم
ئاوازێکی قەشەنگی ڕێکۆردەرە شڕۆڵەکەت بووم. .
***
ئەزانی ئەرۆم و بەجێت دێڵم
ئەزانم ئەڕۆیت و بەجێم دێڵی
بەڵام هەردووکمان
وەك دارسنەوبەرەکانی سەرچنار
شا نمان بەشانی یەکترەوە داداوە
پەل و پۆمان تێ کەڵ بووە...؟
سێبەری یەکترین و جیانابینەوە...!!
لەکوێ بیت لەوێم

له كویٚ بم لەوێیت. .

هەنووكە ...تارماییەكانمان. .

لەژێر دار كاژو سنەوبەرەكاندا

بە گوێی یەكتردا دەچپێنن

خۆشم دەوێیت. . ؟

پەنجەكانمان تامەزرۆی نێو لەپی یەكتر

دەكەن. . ؟

پیاسەیەكی قووڵ بەنێو چڕی سێبەر و هەورو باران و

گەڵاهەڵوەریوەكانی پایزدا دەكەن

دوو تارمایی رووت رووت

وەك پایز

هەناسەی یەكتر هەڵدەمژن و

گوناهەكانی دایە حەوا بە باران دەشۆنەوە...

******

لە چاوەڕەشەكانی تۆوە فێر بووم ....

جەستەم بەبا بسپێرم و

رۆحم بە هەناسەت...

دەمەوێت برۆم وبەجێت بێڵم

بەتەنهاییەكی تاریك

تاریك تر لە حەزەنەزۆكەكانمان

بە ئارامیەكی سارد

ساردتر لەو رۆژانەی دڵی منت دەرەنجاند

بەجێت دێڵم

بەجێت دێڵم و دڵم نایەت بەجێت بێڵم...

لە دووریانی ساردو سڕ....

ساردتر لە منداڵدانی دایكت و سووكتر لە جنێوەكانی باوكت

بەئازارتر لە لێدان و سەركوتكردنەكانی منداڵێت...

نازانم ئەمە قەدەری خوایە

یان قەدەری

ئافرەتێكی بیٚ مورادی شەرقی

نازانم نا بۆچی بگریم و فرمێسك لە چاوەكانم نەبڕیٚ.... ؟

نازانم بۆچی ئەگریم و



www.kurdistannet.org كوردستان نێت

گۆنام جۆگەلەیەك لە عەشقی لەبار چوو
ئەگریم و ناشزانم بۆچی ئەگریم
نازانم. . نا...
ئەمە شیوەنی كۆچی ناوادەی باوكمە
یان شیوەنی دابڕانی تۆ...
یا هەڵبەستنی گۆڕی عەشقێكی بێ موراد...
******************

هەردووكتان
چەند دڵ رەق بوون
تۆش و باوكیشم
لەنێوان سێ شەمودا بەجێتان هێشتم
بەجیتان هیشتم
ئەو بەكۆچی ناوادەی و
تۆ بەهەڵكێشانی نەمامی دووساڵەی تەمەنت
لە جەستەمدا. . ؟؟
*****************

لە ئێوارەیەكی كەوەرۆژەدا
هاتویت و
پێم دەڵێیت : ببورە من هاوڕێتم. .
هاوڕێیەكی دڵسۆز .
ببورە خۆشەویستی نێوا نمان بۆتە بەرد....
بەڵێ...بۆتە بەرد
بەڵام بەردێكی ڕاستگۆ
بەردێك هەڵگری هەموو بیرەوەرییە جوانەكانی
باران بارین و تەقینی كانییەكانی بەهار بوو
بەردێك لەواتای بەبەردبوون بگات و
گوێ لەئاوازی غەمگینی باڵدارە لانەوازەكانی ئەوین بگرێ. .
بەردێك دووبەهار بتوانێ
چیرۆكەكان بەخوێن وێنە بكات
تارمایی وشەو پیتەكان لەخۆ بگرێ. .
بەردێك شەوان خۆی بكات بەسەرینمان و
بەرۆژیش پلیكانەی ژێر پێمان. . ؟؟

www.kurdistannet.org كوردستان نێت

www.kurdistannet.org
5-1-2003 13:35

لەخەونیشمدا ببێتە چەپكێك گوڵو

لەسەر گۆڕەكەی باوكم داینێم. .

دەبێت چ بەردێك بێتو چ واتایەكی هەبێ. . ؟؟

*************

سەیری ژێر هەر دارسنەوبەرێك دەكەم

یادگارییەكی كەسكی لێ تۆمار كراوە. .

لەسەر هەر كورسییەكو لە پەنا هەر دیوارێكو

لەناو هەر كتێبخانەیەكدا. .

كۆمەڵێك منداڵی چاو نە پشكووتوو

سەرەتاتكێمان لێ دەكەن. .

دەزانن رۆژێك لەرۆژان

لەو جێ ژوانانەدا لەدایك بوونو

هەر لەوێشدا خنكێنراون. .

تا نەبنە سەرووەری جێ ژوانەكانو

رازەكانی پەنهانیمان نەدركێنن. . ؟؟

******

ئەمشەو. .

دڵم... جەستەم... رۆحم...

بۆتە ئەو بەردەی تۆ باسی دەكەی. .

ئەو بەردەی تابلۆكانی رۆژانی رابردوو

بەرەنگێكی ئاڵ وێنە دەكات. .

بەدیواری پشت سەرمەوە هەڵی دەواسێو

هەموو بەیانییەك بە پەنجەكانی هێما بۆ وێنەكەم دەكات. .

لەنێوان دوو بەردی شین شینی تۆخدا. .

هەموو شەوێكیش پێش نووستن

بانگم دەكاو. .

دیسانەوە هێما بۆ وێنەكەم دەكات

كەلەنێوان دوو گوڵی شین شینی تۆخدا راوەستاوم. .

ئاورم پێ دەداتەوە بۆ دیوارەكەی پشت سەرم. . !!

بەبەردبوون ئازارێكی بەسۆێیە

ژانی لەدایك بوونێكی نوێیە. . ؟؟

ئەمشەو یادەكانم بوونەتە چراو

www.kurdistannet.org
5-1-2003 13:35

دڕ بەتاریکی دابڕانت دەدەن. .

فرمێسکەکانم کۆدەکەنەوەو.... هەنسکەکانم دەژمێرن. .

خوناوکەیەك بۆ گەردنی جیٚ ژوانەکانت دەهۆننەوە. . ؟؟

٢٠٠٢/٣/٢٥

سلیٚمانی

www.kurdistannet.org کوردستان نێت